کەرکوك ڕۆژانی یەکشەممە ودووشەممە کردە پشو بۆهەی هەڵبژاردنەو

ئیدارەی پارێزگای کەرکوك بڕیاریدا، سبەی و دو سبەی لە سەرجەم قوتابخانەکان بکرێتە پشو، بە ئامانجی یەکخستنی وانەکان لە نێوان قوتابخانەکاندا، چونکە زۆربەیان کراونەتە بنکەی دەنگدان، لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەڵە ئەمنییەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن.
بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی پارێزگای کەرکوك، ئیدارەی پارێزگا بڕیاریداوە کە دەوامی فەرمی لە سەرجەم قوتابخانە سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی و باخچەکانی منداڵان بۆ ماوەی دو ڕۆژ (سبەی و دوسبەی) بکرێت بۆ پشو تا کەتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان.

ڕەبوار تەها، پارێزگاری کەرکوك ڕونیکردەوە کە بڕیاری ڕاگەیاندنی پشو، لە پێناو زامنکردنی بەردەوامیی پرۆسەی خوێندن و یەکخستنی بارودۆچونی وانەکان لە نێوان قوتابخانەکاندا. هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتێ بۆ هەڵە ئەمنییەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان لە پاراستنی ئاسایش و سەرخستنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی 2025 جێبەجێ بکەن.
بەگوێرەی ڕونکردنەوەی ڕەبوار تەها، "زۆربەی قوتابخانەکانی کەرکوك کراونەتە بنکەی دەنگدان بۆ هەردو دەنگدانی تایبەت و گشتی، بۆیە بڕیاری پشویان داوە".

بەیارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕۆژی 11ی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 بەڕێوەبچێت کە تێدا 31 هاوپەیمانی، 38 حزب و 79 تاکەکەس بەشداری هەڵبژاردنی داهاتو دەکەن و زیاتر لە حەوت هەزار کاندید کەبەکە دەکەن، ئەوە جگە لەوەی کەمسیەن ژمارەیەکیانی بەهەکاری جیاجیا دورخستەوە.